# ئەدیب وگزیری پۆلیس [1]

# کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە ولآتە سۆشیالیستەکان

**نوسینی: جۆرج بالوشی هۆرفات**

**وەرگێرانی: محەمەد هەریری**

**پێشەکی**

دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێشەر هەیە لە مێژووی حیزبە کۆمەنیستەکان، ئەودیاردەیەش ئەوەیە کە حزبە کۆمونیستەکان لەماوەی خەبات کردنیان واتە پێش ئەوەی دەسەلآت بگرنە دەست سەربەستیەکی زیاتر دەدەن بەئەندامانی حیزب، بەلآم هەرکە جلەوەی حوکم ودەسەلآتیان گرتە دەست ئەوە ڕۆژ بەڕۆژ ئەو سەربەستیەیان لێ گلدەدەنەوە و چەپۆکی دیکتاتۆریەت تونتر دەبێت، لینین لە نوسراوی (ڕێکخراوی حیزبی و ئەدەبی حیزبی) پێ لەسەر پەیوەندی ئەدەب بەڕۆحی حیزبەوە دادەگرێت بریاردەدات بەوەی دەبێت (پەیامی ئەدەب بەشێکی تەواوکەری پڕۆسێسی حیزب بێت) کەچی لەنوسینەکانی پێش هەلگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەست بە هەناسەیەکی قولتر و سینگێکی فراوانتر دەکرێت لەبەردەم ئازادی ڕەخنەدا!!

ستالین دەیوت: (ئاسان نی‌یە یەکێکی وەك من بە هەلدابچێت) ئەو نێرگزیەتەی ستالین زۆر بەزەقی لەسەردەمی حوکمرانیدا ڕەنگی دایەوە ١٩٢٤-١٩٥٣، لەسەرەتادا دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریای کردە مێردەزمەی یەکیەتی سۆڤیەت دوایی گۆڕی بەدیکتاتۆریەتی حیزب، ئینجا هێدی هێدی بازنەکەی بچوك دەکردەوە تاکردی بەدیکتاتۆریەتی تاکە کەسی خۆی یاکردی بە عیبادەتی شەخسی "Personal Cult"، ئەوە بوو لەیەکەم کۆنگرەی نوسەرانی سۆڤیەت١٩٣٤ ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیزمی داهێنا ووەسفی‌ئەدیبانی کرد بە (ئەندازیارانی ڕۆحی مرۆڤایەتی) وڕایگەیاند کەدەبێت ئەدیبان لەمەو دوا پەیڕەوی ڕیالیزمی سۆشیالیزم بکەن کرێکاران پەروەردە بکەن بەگیانی سۆشیالیزمی. هەر ئەدیبێکیش پاپەندی سیاسەتی دیاریکراوی حیزب نەبوایە ئەوە بە بیانوی لادانی لە هێلی دەفگرتووی‌حیزب ولایەنگری کردنی بۆرژوا وجیهانی سەرمایەداری پەلکێش دەکرا بەرەو بەفرستانی سیبریا وئۆڕال، نوسراوەکانیشیان لە بازاڕ وکتێبخانەکان گل دەدرایەوە لەوانەشبوو لەدرەنگە شەوێك دا درابایە بەر دەستڕێژی‌گوللەی ( K. G. B.پۆلیسی نهێنی) .

لە پاش کۆچ کردنی ستالین، جۆرێك لە سیاسەتی والآکردن (الانفتاح) ڕێی پێدرا، بەلآم هێلەگشتی‌یە کەی سیاسەتی حیزب بەرامبەر بەنەیارانی حیزب و ئەدیبان هەر وەك خۆی مایەوە. کۆنگرەی دووەمی یەکیەتی نوسەرانی‌سۆڤیەت پێشکەوتنێك بوو بەرەو دواوە!! چونکە کۆنگرە بڕیاری‌دا لەسەر سەرپێ سپاردنێکی ڕەها بۆ حیزب!!

کەوابوو قۆناغی نیکیتا خرۆشۆف هەر هەمان هەلۆێست بوو سەبارەت بە ئەدەب و ئەدەبیات. لەکۆنگرەی سێیەمی یەکیەتی نوسەرانی سۆڤیەتدا وتی: (ئەدیبەکان یاریدەدەری چالاکی حیزبن لە پەروەردە کردن و گۆشکردنی کرێکاران بە گیانی کۆمەنیستی) .

بەو پێیە دەتوانین بلێین ئەدیبانی سۆڤیەت وولآتانی بلۆکی سۆشیالیزمی لە سێ گەمارۆی کۆنکریتیدا بەند کرابوون:-

یەکەمیان: (گەمارۆی زمانەوانی: هەروەك لەسەرەتای ئەو کتێبەدا هاتوە: زمان لە ژیانی ڕۆژانەی حیزبی کۆمونیستیدا ئامرازێکی گەلێك ترسناك وورد وگرنگ بوو پێویستی دەکرد وشەکان بە پێی ڕێنمویی دەستەواژە وزاراوە پەسند کراوەکان بەکار هێنرابان. ئەو وشەیەی سەرکردەی مەزن بەکاری هێنابا دەبوایە هەموو ئەدیب و نوسەرێك بەکاری بهێنن بەبێ گۆڕان، قوڕ بەسەری ئەوەی شتێکی دەخستە سەر یا شتێکی لێ کەم دەکردەوە، بەو پێیە ئەدیب ونوسەران لە ترسێکی بەردەوام دا دەژیان، ترسیش قەلآچۆکەری داهێنانە، بۆیە ئەگەر بەرهەمی ئەدیبانی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر وپاش شۆڕشەکە بەراورد بکەین بۆمان

[1] ناوی کتێبە لە عەرەبی‌دا:"الادیب ومفوض الشرطة"
دار الکاتب العربی للتألیف والترجمة – بیروت.



Kurdistan.net

بەدیار دەکەویت کە ئەو ئەدەبەی گۆگۆل و تۆلستۆی ودیستۆفسکی دەیان نووسی هەر بۆ بەراورد ناشێت لەگەڵ ئەو ئەدەبە پڕو پاگەندەیی یەی پاش شۆڕش کەخاڵی‌یە لە گیانی داهێنان و جوانکاریدا.

دووەم: ئابلوقەی فیکری: ئەدیبان لەولاتە کۆمەنیستەکاندا بۆیان نەبوو هیچ بەرخوردێکی ڕۆشنبیری و فیکری‌یان هەبێت لە گەڵ فیکرو ڕۆشەنبیری ولاتانی دەرەوەی جیهانی کۆمەنیستی. بۆ نمونە فادییێف کە چواردە ساڵان دیکتاتۆری ئەدەبی سۆڤیەتی بوو واتا سکرتێر وسەرۆکی یەکیەتی نووسەران بوو، دەربارەی نوسەرە ڕۆژئاواییەکان گوتی: (ئەگەر کەمتیارێ بیتوانیبایە لە سەر تایپێك (گابعە) کاری کردبایە یا چەقەلێك توانای بەکارهێنانی قەڵەمی هەبوایە، دەیانتوانی ئەو شتانە بنوسن کە ت. س. ئەلیوت ویۆجین ئۆنێڵ ودۆسی باسوس وجان پۆڵ سارتەر وئەندرێ مارلۆ دەیان نووسی!!!

سێیەم: ئابلۆقەی سەفەر کردن: ئەم ئابلۆقەیەش ئەگەر لەوانی تر سەختتر نەبێت کەمتر نەبوو. بەدرێژای فەرمانڕەوای کۆمەنیستی هەتا هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت سەفەر کردن قەدەغە بوو بۆ ئەدیبان وهەموو هاولاتیەك. بێ گومان سەفەر کردن ودنیا دیتن وشارەزابونی چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵکانی‌ترلە ولاتانی تر گەلێك خزمەت بە ئاستی ڕۆشنبیری ئەدیب ودەوڵەمەندکردنی فیکری دەکات وهانی دەدات شان بەشانی سەردەم بڕوات بەڕێوە. بۆیە هەروەك ئەو کتێبە باس دەکات ئاماژە بۆ کردنێکی زۆر دەکرا بۆ سنوری داخراوی یەکیەتی سۆڤیەت هەر وەك لە شیعرەکەی (ئەفگینی ئەفتو شنکۆ) بە دیار دەکەوێت کە گلە وگازاندە دەکات لە سنورە داخراوەکان وحەزدەکات لە بۆینس ئایرس وشەقامەکانی نیۆرك بسوڕێتەوە ولە لەندەن خەڵك ببینێت لەگەڵ منداڵ وخەلك وهەموو کەسێك بدوێت، لەپاریس سواری پاس بێت!! بەلاَم ئەم قسانە وڕێنەی بۆرژوازی بوون لەلایەن فەرمانڕەواکانی سۆڤیەت!!

ئێمەی کوردیش وەك ژمارەیەکی زۆری ئەو نەتەوانەی سەر ڕوی زەمین بەبەرق وباقی ئەو ئەدەبە فریودرابووین وگۆرانیمان بۆی دەچڕی. ئەوەتە دکتۆر (عزالدین مصگفی رسول) لەکتێبی (الواقعیه فی الادب الکردی) دەڵێت: "ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی وەك قوتابخانەیەکی ئەدەبی خاوەن سیما وڕوخساری خۆی، لەپاش جەنگی جیهانی دووەم دامەزرا، گۆرانیش ڕێبەری ئەم قوتابخانەیە". ئەو حوکمە پێویستی بەلێوردبونەوەیەکی زۆر هەیە چونکە کورد لە هەلومەرجێکی تایبەتی وکۆمەلاَیەتی دەژی هەروەك ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت: "کوردستان ولاتێکی خاوەن پلەیەکی نزمترە لەپلەی ولاتێکی کۆلۆنی، کوردیش نەتەوەیەکە خاوەنی پلەیەکی نزمترە لە پلەی خەڵکی بە کۆلۆنیکراو. ولاتێکی بێ ناسنامە ونەتەوەیەکی بێ پێناسنامەیە" لە سەردەمی ڕژێمیش لەنوسینی کاڵ وکرچ ووڕێنە شعر وشیعری تەلیسماوی وئالۆز هیچی ترمان نەدیت. ئێستاش لە بەشە باکوری کوردستان لە پاش ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ پاش ئەوەی جۆرە ئازادیەك بەرقەرار بوو هەندێك کۆمەنیست دەیانەوێت جارێکی تر ئەدەبی پڕوپاگەندەی پاشکەوتوی کۆمەنیست بەسەر گەلی کورد ساغ بکەنەوە چەند قۆناغێکیش ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دوا بخەن بەوەی ئێمەش لە کوردستان حەفتا ساڵێك بەدوای کلاَوی بابردوی‌کۆمەنیست بکەوین، نێوەندی ئەدەبی کوردیش بخەینە ناو بۆتەی ڕیالیزمی‌سۆشیالیزم. لە کۆتای دوای ئاکامە بەدەکان بلێین: ببورن هێشتا قۆناغی بەرقەرار بوونی سۆشیالیزم نەهاتبو، هەڵەکە هەڵەی جێبەجێ کردن بوو ئەگینا سۆشیالیزم فیکرەیەکی هەمیشە زیندووە!

خوێنەری ئازیز: ئەو کتێبەی بەردەستت کەکاك (م. هەریری) بۆی وەرگێڕاندونەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، بەپێی زانینی خۆم تاقە کتێبێکە لەو بابەتە بەو قەبارەیە نوسرابێت چونکە نێوەندی ڕۆشەنبیری و ئەدەبی کوردی هەردەم بەشێوەیەکی سادەو ساویلکانە درۆ ودەلەسەکانی ئامێری پڕوپاگەندەی سۆڤیەتیان دوبارە دەکردەوە بەشان وباڵی ئەو ئەدەبە فریودراوەیان هەڵدەگوت. . هیوادارم ئەو کتێبە کەلێنێکی بەرچاوی پڕکردبێتەوە لە کتێبخانەی کوردی.

سەلام ناوخۆش

١٩٩٣-٧-٢٠

kurdistan net

